سودانی و بارزانی جەختیانکردەوە لە پێڕەپێدانی هەماهەنگیی بە ڕووبووونەوەی ئاڵنگارییەکان



ئەمڕۆ شەممە، سەرۆک وەزیرانی عێراق لێگەڵ سەرکی حکومەتی هەرێم کۆبوونەوە و جەختیان لە گرنگیی پێڕەپێدانی هەماهەنگیی بە ڕووبووونەوەی ئاڵنگارییەکان کرد.

بەنوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەبەیانامەیەکدا باویکردەوە، لە هەوڵێر لێگەڵ سەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی کۆبوونەوە و لەکۆبوونەوەکەدا تاوتوێی ژمارەیەک دۆسیە و پرس لەسەر ئاستی نیشتمانی و دیارترین پێشهاتە ناوچەیی و نێودەوڵەتی و هەوڵستی حکومەت سەبارەت بەقەیرانەکانی ناوچەکە کرا.

ئاماژە بەوەشکراوە لە کۆبوونەوەکەدا، جەخت کرایەوە لەسەر گرنگی هاوبەشی و هەماهەنگی لەڕووبووونەوەی ئاستەنگەکان و گرتنەبەری سیاسەتێکی هاوسەنگ لەسەر بنەمای هاوکاری و بەرژەوەندیی هاوبەش لێگەڵ وەاتانی دراوسێ.

هاوکات لە کۆبوونەوەکەدا سودانی ئاماژەی بەوەکرد، کە حکومەتی عێراق سەرکەوتووبووە لە ڕووبووونەوەی قەیرانە جەراوجەرەکان چ ناوخەیی یان دەرەکی بێت، سەرەڕای ئەو گەمانکاری و

رووداوانی کە لەناوچەکەدا رووددەن بەرپرسیارێتی خۆی لەئەستۆ گرتووە، هەروەها جەختی لەسەر هەوڵەکانی کردەوە بۆ پەرەپێدانی ئابووری نیشتمانی و سەقامگیری لە سەرجەم ناوچەکانی وڵاتدا

هەروەها لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا باس لە گرنگی کارکردن کرا، بۆ دەزگاوەی چارەسەر بۆ هەموو دەسپە هاوبەشەکان و لابردنی هەموو ئاستەنگەکان، بەپێی دەستوور و یاسا، بۆ شوێنێک کە دادپەروەری و قازانج بۆ هەموو عێراقییەکان بەدەستبهێنێت.